Fachhochschule Nordwestschweiz
Pädagogische Hochschule

# ESKE

## **E**rmittlung **s**chulsprachlicher **K**ompetenzen in der **E**rstsprache

# KURDISCH SORANI

## Aufgabenset 3 bis 4 Jahre Schulerfahrung

© Pädagogische Hochschule FHNW 2018

Professur Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

Mathilde Gyger & Ursula Ritzau


## ئـەرکـەکـان ( ڕاهێنانـەکان )

١ بەپێی ڕێنوماییەکان بازنەیەك بە دەوری مەرامە ڕاستەکاندا بکێشە.

ا بازنەیەك بە دەوری سەگ و ئەسپەکەدا بکێشە.



ب بازنەیەك بە دەوری گۆرەوی و کراسەکەدا بکێشە.



ج بازنەیەك بە دەوری قاپ و چەقۆکەدا بکێشە.








© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٢ بەپێی ڕێنومایییەکان بازنەیەك بە دەوری مەرامە ڕاستەکاندا بکێشە.

ا مامم دوکانێکی هەیە بە تەنیشت چێشتخانەکەوە. ئێستا گوڵەباخەکانی بەردەم خانوەکە گەورە بوون.
هەفتەی داهاتو ئەو ئیشی زۆری دەبێت، چونکە دەبێت ئەو هەڕاجێکی گەورەی شتەکانی بکات. بازنەیەك بە دەوری دوکانەکەی مامتدا بکێشە.



ب لە پۆلەکەماندا مێزەکان لە شێوەی بازنەیەکدا ڕێکخراون. مێزەکەی مارییا لە تەنیشت دەرگاکەوەیە.
بازنەیەك بە دەوری مێزەکە مارییادا بکێشە.



ج پارکەکەمان جێگای یاری کردنی تێدایە، مناڵانێکی زۆر یاری لێ دەکەن. دایکەکان لەسەر کورسیەکانی ژێر دارەکان دادەنیشن. دایکی کریستینا لە سەر کورسی تەنیشت گوڵەکانەوە دانیشتوە.
بازنەیەك بە دەوری دایکی کریستینا بکێشە.





© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٣ بیدۆزەرەوە، کام دەقە نوسراوە لەگەڵ وێنەکەدا دەگونجێت. بازنەیەك بەدەوریدا بکێشە.



| | | |
|---|---|---|
| کوڕەکە بۆ ڕۆژی لە دایك بونی هیوای خۆشترین خواردنی دەخوازت: ماکەرۆنی. دایکیشی قاپێکی گەورەی بەلەزەتی بۆ ئامادەکرد. | کوڕەکە هەفتەی ڕابردو سەرپڕایزێکی گەورەی هەبو. مامی چەکوشێکی خستە سەر قاپەکەی. ئەوە زۆر ترسناك بو، دەنگێکی گەورەی لێوە هات. | کوڕەکە زۆر حەزدەکات بچێتە دیدەنی نەنکی. ئەو هەمیشە خۆشترین کێکی بۆ دروست دەکات. دوێنێ کێکی بە شوکەڵاتەی بۆ دروست کردبو. کوڕەکەش پارچەیەکی گەورەی لێ خوارد. |



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٤ دەقە نوسراوەکە بخوێنەرەوە و ئاخاوتنە ڕاستەکان دەسنیشان بکە.


سەگ و مرۆڤ مێژویەکی درێژیان بەیەکەوە هەیە. هەندێ سەگ کێوی دەژین، هەندێکی تریان وەك سەگی پاسەوانی، سەگی ڕاو، سەگی پۆلیسی یان وەك سەگی ماڵی خزمەتی مرۆڤەکان دەکەن. سەگەکان دەشتوانن ڕێنومایی نابیناکان بکەن لە کاری ڕۆژانەیاندا. بۆ نمونە وەك چاوساغی کردنیان لە کاتی هاتوچۆ بە شەقامەکاندا. سەگ لە هەمو کیشوەرەکاندا هەن و خزمی زۆر نزیکن لە گورگ و ڕێویەوە.

| | |
|---|---|
| ا سەگ لە هەمو شوێنێکی ئەم جیهانە هەیە. | ڕاستە☐<br>هەڵەیە ☐ |
| ب سەگەکان دەتوانن هاریکاری نابیناکان بن لە کاری ڕۆژانەیاندا. | ڕاستە☐<br>هەڵەیە ☐ |
| ج چی دی سەگی کێوی نەماون. . | ڕاستە☐<br>هەڵەیە ☐ |
| د گورگەکان خزمن لەگەڵ سەگەکاندا، بەڵام ڕێویەکان خزمیان نین. | ڕاستە☐<br>هەڵەیە ☐ |



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٥ به دەنگی بەرز چیرۆکی وێنەکە بخوێنەوە.



**شێر و ڕێوی**

جارێکیان شێرێکی پیر هەبو. هێند بێ هێزو لاواز بوو بوو، نەی دەتوانی چی دی بچێتە ڕاوکردن.
بۆیە ئەشکەوتێکی بۆ خۆی دۆزیەوە، تا لە ناویدا ڕاکشێ و پاڵی لێ بداتەوە!
ئاژەڵەکانی تر زۆر بەزەییان بە شێرەکەدا دەهاتەوە. بۆیە یەك لە دوایەك دەچوونە ناو ئەشکەوتەکەوە بۆ سەردانی.
ڕۆژێکیان مام ڕێوی هات بۆ سەردانی شێرە. بێ ئەوەی بچێتە ناو ئەشکەوتەکە، لە دەرەوە وەستا و نە دەچووە ژورەوە.
شێرە بە نوزەیەکەوە، فەرموو وەرە ژورەوە. من هێندە بێ هێزم ناتوانم بێمە پێشوازیت!

مام ڕێوی وەڵامی دایەوە: " پێم باشە لە دەرەوە چاوەڕێ بکەم تا میوانەکانی ترتان دێنە دەرەوە. من جێگا پێی گەلێ ئاژەڵی تر دەبیم بە ئاڕاستەی ناو ئەشکەوتەکەتان. بەڵام هیچ جێگا پێیەك نا بینم بە ئاڕاستەی دەرەوە هاتبێتەوە."



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٦ دەقی نوسراوی ڕاهێنانی ٥ و ئەو ڕستانەی خوارەو کە پەیوەندیان پێوەیەتی بخوێنەرەوە. هەڵە و ڕاستەکان دەستنیشانی بکە.

ا شێرەکە بە درێژایی چیرۆکەکە لە ئەشکەوتەکەدا ڕاکشابوو.
ڕاستە☐
هەڵەیە ☐

ب ڕێوییەکە چوە ناو ئەشکەوتەکەوە.
ڕاستە☐
هەڵەیە ☐

ج شێرەکە ئاژەڵەکانی تری خواردبوو.
ڕاستە☐
هەڵەیە ☐



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٧ ئەتوانی باسی بکەیت، چیرۆکی ڕاهێنانی ٥ دەربارەی  چیە؟



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter


٨ دەقی نوسراوی ڕاهێنانی ٥ بخوێنەرەوەو ئەو پرسیارانەی خوارەو  بە دەمی وەڵام  بدەرەوە:

- بڕوا دەکەیت شێرەکە نەخۆش بووبێت؟
- ئایا ڕێوییەکە لە ئاژەڵەکانی تر ژیر تر بووە؟ ئەتوانیت بۆمان باس بکەیەت، بۆ چی تۆ وا بیر دەکەیتەوە؟
- بڕوا دەکەیت مرۆڤ لەم چیرۆکەوە شتێك فێر دەبێت؟ ئەتوانیت بۆمان باس بکەیەت، بۆ چی تۆ وا بیر دەکەیتەوە؟



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٩ یەکێك لەم پێنج وێنانە هەڵبژێرە و ڕوونی بکەرەوە، بزانە باسی چ پیشەیەك دەکات.














© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

١٠ بیر بکەرەوە، لە داهاتودا ئەتەوێت ببیت بە خاوەن چ پیشەیەك. دەقێکی کورت لەو بارەیەوە بنوسە.

| |
|---|
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter